## لەسایەیگەندەلی وبێیاسایی

## سەنگەرفرۆشان فەخرەدین تاهیربریندارەدەکەن وچواردانی دەشکێنن...

لەسالیادی ڕۆژنامەگەری کوردی دا لە جیاتیڕێزلینانووگوڵبارانکردنی ڕۆژنامەنووسان فەخرەدین تاهیر بریندارەدەکرێوچوواردانی دەشکێنن،سوکایەتی بەڕۆژنامەنووساندەکرێ لەووڵاتێکدا کەتژیەلە گەندەلی،ئەوانەی دوێنێو پێرێ لەسەنگەری بەعس وئیمرۆ لە سایەی دە سەڵاتی کوردی بێ یاسادا هەر ڕۆژەی لە سەنگەرێکن،هەر ئێوارە ی لەسەر مێزو خوانی حزب و مەسئولێکن تێروپڕن لەسایەی دزیو فزی بەناوی ئەنجامدانیپرۆژەی کرچ وکال وبێ مانا ،لەسەر حسابی خەلکی ڕەشوڕووتی کوردستان بەملیۆناندۆلار دەدزن،هۆئەوکوڕەی کەلەنادی ئیعلام بەبەر چاوە خۆمەوە بە شەق وپێ لەقە تۆپتۆپێنیان پێ کردی ،هەر لە ڕقی ئەوە سەنگەرت گواستەوە وئیمڕۆ بووی بەپالەوان و ڕاپۆرت نووس واتلێهات لەخەلکی هەژارو خاوەن قە لەمی پاک بدەیت!، ئە ی با شە بۆ ناچی بە گژ مامۆستا ئیبراهیم حەکیم دا؟، کەسێکی وەک مامۆستا فەخرەدین تاهیر لە بەر دلسۆزی خۆشەویستی بۆ کوردستان وازی لە ژیانی ئەورووپا هێناوە و هاتووە بۆ ئەوەی دژ بە گەندەلی و گەندەلکاران بجەنگێ ،هاتووە بۆ ئەوە ی ئەم خەلکە لەم تاریکستانە ڕزگار بکات کە بە ئاشکرا ملیۆنان دۆلار دەدزرێ و خەلکیش لە تاریکی ودەستکورتی دادە ژیت ، کە هەزاران ماستاو چی و قە لەم فرۆش ونەفسنزم و سەنگەر دۆڕاو خەونی پێوە دەبینن،ئەو کورتە بالایانە زۆر لەوە کورتترن بە بەژنو بالایی بەرزی فەخرەدین دا هەلبشاخێن .

ئەگەر هەردووشاعیرو کەسایەتیناو وەزارەت کەریم دەشتی و سەعدولا پەرۆش هەلوێستی خۆیان ئاشکرا نە کەن ئەوە دیارە ئەم کارە ش بەدلی ئەوانە،وەزیری ڕۆشنبیری با باش ئاگادار بێت ئەو دەلالخانە یە ی ناو بازاڕی هەولێر زۆر لەم وەزارەتی ڕۆشنبیر یە پاکترو بێ گەردترە ،ئەوە ی لە ناو وەزارە ت لەسەر حسابی ئەم خەلکە ڕوودەدات لە بۆ گەنترین شوێنی ئەم کوردستانە مە حالە ڕووبدات سباق لە سەر ئەوە یە کێ زۆرترین داهات بە دەست بهێنێ ،هیوادارم جەنابی وەزیر خۆی لە نزیکەوە لێکۆلینەوە لەم کارەدا بکات وسەر پێچیکارانیش بدرێنە دادگا وهەقی مامۆستا فخرەدین بەفیرۆ نە ڕوات ،ئەم وەزارە تە پێویستە لە بناغەوە بگۆڕدرێت، تە نها کە سانی پاک ودلسۆزی وەک مامۆستا فخرەدین کاری تیادا بکەن، چونکە ئە م شوێنە شایستە ی هەموو کە سێک نیە،منلێرە وە بانگەواز بۆ سەر جەم

گەلی کوردو ڕوناکبیران دە کەم کە میینەک بە ڕێ خە ن بۆ ئیدانە کردنی ئەم کارە دزێوناشرینە ئەوە چەندین جارە ڕۆژنامە نوسان ڕووبەروی هێرشی نارەوادە بنەوە و یاسایە ک نیە داکۆکیان لێبکات.

یوسف مەنتک

ئەلمانیا